سەرۆک وەزیران بریندارانی هێرشە دوژمنکارییەکەی ئەمریکا بەسەردەکاتەوە

ئەمڕۆ یەک شەممە "محەممەد شیاع سودانی"سەرۆک وەزیران،،نمایدا بۆ چاودێری و دابینکردنی چارەسەر و پێداویستی بۆ ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامی دەستدرێژیکانی ئەم دواییەی ئەمریکا بریندارببوون.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا گەیاند:-سەرلەبەیانی ئەمڕۆ "محەمەد شیاع سودانی"سەرۆک وەزیران،سەردانی نەخۆشخانەی سەربازی حوسێنی لە بەغدا کرد و بریندارە مەدەنی و سەربازییەکانی بەسەر کردەوە، کە لە هێرشە شێتانگێزیەکەی ئەم دواییەی ئەمریکا بۆ سەر ناوچەکانی عەکاشات و قائیم بریندار بوبون.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :-

سەرۆک وەزیران ،،نمایدا چاودێری تەواوی بریندارەکان بکرێت و هەموو پێداویستیەکانی چارەسەرکردنیان بۆ دابین بکرێت، هەروەک هیوای زوو چاکبوونەوەی خێرای بۆ خواستن.